# ئەگەر شەڕی ناوخۆ لە عێراق ڕووبدات.ئێمە جیادەبینەوە

## مەجید دلّنیا

ئەمەی سەرەوە قسەی بەڕێز بارزانییە، لە کۆتایی ئەم سەفەرەیداو لە گەڕانەوەشدا ،لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیراندا ،دوێنێ 19-11-05 هەمان وتەی دووبارە کردەوە.
بەڕێز بارزانی لە لێدوان و هەلسوکەوتی سیاسیدا ،بەوە ناسراوە کە، کەسێکە ڕاشکاوانە وکورت وپوخت دەدوێ ، پێچ وپەنا بە قسە نادات و بە لوغز قسەناکات.
دیارە سیاسەت شتی شاراوەو ژێر پەردەی زۆر لەخۆ دەگرێ .چونکە زۆرجار بەرژەوەندی دەولّەت وگەل وحیزب وادەخوازێ،بۆیە ڕاشکاوی لەسیاسەتدا،زۆرجار بەرەنجامی نەگەتیڤی زیاترە لە پۆزەتیڤ.
لێرەوە ،دەکرێ سەرکردەی سیاسی ئەو ڕاشکاوییەی هەیەتی لەگەلّ میللەتی خۆیدا، بۆ یەکلاکردنەوەی هەر جۆرە کێشەیەکی ناوخۆ سوودمەندترە، لەو ڕاشکاوییەی لە ئاستی سیاسەتی ڕوو بەدەرەوە کە زۆرجار بەزیان و باجی گەورە دەشکێتەوە.
ئەو وتانەی بارزانی لە ناوەڕۆکدا،زەنگێکی ئاگادارکردنەوەیە،بۆ ئەوەی عەرەبی شیعەو سونە هەرگیز نەخەلّەتابن دەست بۆ شەڕی ناوخۆ بەرن،چونکە ئەو عێراقەی هەیانە بەشەڕی ئەوان بەشێکی فت دەبێت!
دروست کردنی دەولّەتی کوردی خەونی هەر تاکێکی کوردە.گەرچی من لەگەلّ ڕشتنی خوێنی هیچ ئینسانێکدا نیم ،بەلاّم هەمیشە شکاندنی لووتی دوژمنانی کورد بە ئاوات دەخوازم،
بۆمن هیچ گرینگ نییە نەک هەر عێراق ،بەلّکو هەر دەولّەتێکی پارچەیەک لە کوردستانی داگیرکردووەو بە مولّکی خۆی دەزانێت،خوایەدکرد وەک کێکی لەدایک بوون پارچە پارچە دەبووا!لەوەش گرینگتر ئەوەیە منی کورد، چۆن دەتوانم لە پارچە کردنی ئەو دەولّەتانە سوودمەند بم؟
ئەو وتانەی بەڕێز بارزانی نەک شیعەو سونەی عێراق،بگرە هەموو دەولّەتانی ناوچەو تەواوی دەولّەتە عەرەبییەکان وئەوانەشی دوژمنی دەولّەتی کوردین ،لەو مێردەزمەی جیابوونەوەو دەولّەتی کوردییە بەخەبەر دێنێ.
بەرێز بارزانی لە تەواوی لێدوانەکانیدا،هەمیشە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە کوردیش وەک هەر میللەتێکیتر ،مافی درووستکردنی دەولّەتی هەیە،بۆیە دەبێ هەردەم ئاواتەخوازی هەلێک بێت بۆ نزیک کردنەوەی میللەتی چارەڕەشی کورد لەو خەونە.دەبێ ئێمە بتوانین لەسەر هەلّەکانی ئەوان دیواری دەولّەتی کوردی بینابکەین.دەبێ ئێمە ئاواتە خواز بین کە،دوژمنانمان هەمیشە خاوەنی کێشە بن وبەیەکەوە جەنجالّ بن تا چیتر نەپەرژێن پیلان لە دژی کورد بگێڕن.
ئێستا ئاسۆی ئەم هەلە لەهەر کاتێکیترڕۆشنترە،ئەوەتا دەولّەتانی ئێران وسوریا گیرۆدەی کێشەی نێو دەولّەتین.لەئەنجامی ملهوڕێتی سەدام ئەم دەروازەیە لە باشوور کراوەتەوە،بۆیە دەبێ چەپلە بۆ ملهوڕێتی ئەسەدو نەژاد لێبدەین ،تا بەچارەنووسی سەدام دەچن،تا ترووسکەی ئازادی لەو گەلانە بە گشتی وگەلی کورد بەتایبەتی لە باشووری بچوک و ڕۆژهەلاّت دەکرێتەوە.

ئەو لێدوانەی بەڕێز بارزانی بەو ڕاشکاوییە بەرەنجامی نەگەتیڤەو یەکخستنی ڕیزەکانی دوژمنانی کوردە.پێشم وایە لەیەکەم کاردانەوەی ئەو لێدوانەدا ،ئەو پەیامی هۆشدارییەی، کە گوایە لە ڕێی بەڕێز تاڵەبانییەوە تورکیا ئاڕاستەی بەرێز بارزانی کردووە*.ئەو تورکیایەی نموونەی وەحشەتناکترین شێوازی کورد کوشتنە وزەندەقی لە دەوڵەتی کوردی چووە.

خۆزگە بەرێز بارزانیش بۆ شەڕی کورد بەکورد، زەنگێکی وای بۆ هێزە سیاسیەکانی کوردستان لێدەدا، تا جارێکی تر کورد بەدەستی کورد نەکوژرێ!

*************************************************

*http://www.alkhaleej.ae/articles/show_article.cfm?val=216317

**تركيا تحذر البرزاني من مغبة تهديده بانفصال الاكراد..20-11-05**